# وانەی ٩١: پرسیار لە مرۆڤـەوە وەڵام لە خوداوە ٢

## بەشی دووەم

با بەردەوام دەبین لەوەی وانەی رابردوو دەستمان پێ کرد کە وەڵامی ئەو پرسیارانە دەدەینەوە. پێش ئەوەی دەست پێ بکەین، شتێك هەیە دەبێت ڕوونی بکەینەوە. کاتێ وەڵامی پرسیارەکانتان دەدەینەوە، جورئەت ناکەین پشت بە زانیاری خۆمان یاخود زانیاری کەسی تر ببەسین. تەنها پشت بە ووشەی خودا دەبەستین. ئێمە وەڵامی پرسیارەکانی ئێوەمان لای نیە، بەڵکو خودا وەڵامەکانی لایە و لە نووسراوە پیرۆزەکان پێمانی بەخشیوە. ئینجیل دەفەرموێ: (چونکە وشەی خودا زیندووە، کاریگەرە، لە هەموو شمشێرێکی دوودەم تیژترە، نێوانی دەروون و ڕۆح و جومگە و مۆخی ئێسک دەبڕێت، نیاز و بیری دڵ جیا دەکاتەوە.) (عیبرانیەکان ٤: ١٢) ئێستاش با بگەڕێنەوە لای پرسیارەکان.

پرسیاری یەکەم دەڵێ: (ئەوەی خراپ بێت لەلای خوداوە نایات.) زۆر کەس دەڵێن وا نییە، لەبەر ئەوەی باوەڕیان وایە کە خودا یەکەم جار شتی خراپی دروست کرد پێش ئەوەی شتی باش دروست بکات.

ڕێگامان بدەن وەڵامی ئەم پرسیارە بەپرسیارێك لەناو ئینجیل بدەینەوە. (ئایا لە یەک کانیدا سازگار و سوێر هەڵدەقوڵێت؟) (یاقوب ٣: ١١) وەك چۆن کانی یاخود بیر ئاوی شیرن و شوێری لێ هەڵناقوڵێ، خوداش سەرچاوەی هەردوو چاکە و خراپە نیە. نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ: خودا ڕووناکییە، هیچ تاریکی تێدا نییە. (١ یۆحەنا ١: ٥) با کەس کاتێ تاقی دەکرێتەوە نەڵێت: (لەلایەن خوداوە تاقی دەکرێمەوە.) چونکە خودا بەخراپە تاقی ناکرێتەوە، ئەویش کەس تاقی ناکاتەوە. بەڵکو هەر کەسێک بەو هەوەسەی هەیەتی تاقی دەکرێتەوە، ئەگەر پێی ڕاکێشرا و هەڵخەڵەتا. برایانی خۆشەویستم، هەڵمەخەڵەتێن. هەموو بەخشینێکی چاک و بەهرەیەکی تەواو لەلایەن سەرەوەیە، لەلای باوکی ڕووناکییەکانەوە دێتە خوارەوە، ئەوەی ناگۆڕێت و سێبەری خولانەوەی نییە. خواستی لەسەر بوو کەوا بە وشەی ڕاستی لەدایک ببین، تاکو ببینە نۆبەرەی بەدیهێنراوانی. (یاقوب ١: ١٣، ١٤، ١٦–١٨)

پێغەمبەری خودا حەبەقوق نووسیویەتی: ئەی تۆ لە سەرەتاوە نیت ئەی خوداوەند، جا نامرین. چاوەکانت لەوە پاکترن تەماشای خراپە بکەن و ناتوانیت ڕوو لە زوڵموزۆر کەیت. کەسێک لە خۆی ڕاستودروستر قووتدەدات؟ (حەبەقوق ١: ١٢، ١٣) بۆیە ئەگەر خودا نەتوانێت ڕوو لە خراپە بکات، پێویستە باوەڕ نەکەین کەوا خراپە دروست بکات. خودا فریشتەیەکی دروست کرد بە ناوی لوسیفیر، بەڵام لوسیفیر بوو بە شەیتان بە هەڵبژاردنی خۆی یاخی بوون دژ بە خودا. خودا ئادەمی دروست کرد، بەڵام ئادەم بوو بەگوناهبار بە هەڵبژاردنی خۆی گوێڕایەڵ نەبوونی خودا. ووشەی خودا فێرمان دەکات کە شەیتان و دڵە خراپەکارەکانی مرۆڤ سەرچاوەی خراپەن و خودا و ووشەی خودا سەرچاوەی چاکەن.

پرسیاری دووەم دەڵێ: ئەگەر خودای پیرۆز پڕە لە بەزەیی، باشە بۆچی ڕادەوەستێ و تەماشای دەمەقاڵێ و جەنگ و کوشتن و خراپەکاری جیهان دەکات؟ ناتوانێ شتێك بکات یارمەتی ئەو خەڵکە بدات؟

بەدڵنیایەوە، خودا پەروەردگاری بەزەییە و ئەوەی دەبێت بکات بۆ یارمەتی دانی خەڵکی جێ بە جێی کردووە ! خودا ڕزگاری دەری ڕاستودرووستی ناردووە، عیسای مەسیح، بۆ ئەوەی ئاشتەوایی لەنێوان خۆی و خەڵك و پاشان خەڵك لەنێوان یەکتری دروست بکات بە مردن لەبەر گوناهەکانی جیهان. بەڵام، پێش ئەوەی خەڵك بەڕاستی ئاشتەواییان هەبێ لەنێوان یەکتر، دەبێت یەکەم جار باوەڕ بێنن بە عیسا وەك ڕزگاری دەریان کەوا خودا ناردی و مل کەچی بین. کاتێ پەیوەندیمان لەگەڵ خودا باشە، ئەو کاتە پەیوەندیمان لەگەڵ خەڵکیش باش دەبێت. تەنها لەو حاڵەتە ئاشتی ڕاستەقینە هەیە. هەموو شتێك پشت دەبەستی بە وەڵامدانەوەمان بەرامبەر خودا. دەبێت ئەو چارەسەر وەربگرین کە خودا دابین کرد. هەروەها، لەبیرت بێت کە خودا دادوەری ئەم جیهانە دەکات لەبەر خراپەکارییەکەی. ووشەی خودا دەفەرموێ کە پەروەردگار عیسای مەسیح دەگەڕێتەوە لە کۆتایی ڕۆژگاردا و دادوەری هەموو کەس دەکات کە ڕەتیان کردەوە ڕاستی قەبوڵ بکەن و گوێڕایەڵی بن. لەپاش ئەوەی پەروەردگار عیسا هەموو دوژمنەکانی خودا دێنێتە خوارەوە، هەموو بەدی هێنراوەکان نوێ دەکاتەوە. و ئەو کاتە ئەوەی لە نووسراوە پیرۆزەکان نووسراوە دێتە دی، کەوا دەفەرموێ:

**ئیتر هیچ نەفرەتێک نامێنێت... ئیتر مردن نابێت، شیوەن و هاوار و ئازار نامێنن، چونکە شتەکانی پێشوو بەسەرچوون.** (ئاشکراکردن ٢٢: ٣، ٢١: ٤)

پرسیاری سێیەم دەڵێ: هێندەك كەس هەمیشە باوەڕیان وابوو ئەگەر گوناهێك ئەنجام بدەن، ئەو گوناهە كار لە ئەوان دەكات، بەڵام كار لە منداڵەكانیان ناكات چونكە ئەوان ئەنجامیان نەداوە. بەڵام مەسیحەكانی دەڵێن ئەو گوناهەی باپیرەگەورەمان ئادەم ئەنجامی دا لە باخچەی بەهەشت بۆ هەموو نەوەكانی بڵاوبووەوە، و خودا دەبێت سزایان بدات. ئەم شتە چۆن دەبێت؟

پەندی پێشینان دەڵێت: (گیا لەسەر ڕەگی خۆی شین دەبێت.) ئەمە ڕاستە وا نیە؟ هەمووەمان هاوڕاین ئەگەر منداڵێكت هەبێت و لە ماڵی خۆت بەخێوی بكەی ئەوا خەسلەتی تۆ وەردەگرێ، چاك و خراپ، لە تۆ باوك و دایكی وەردەگرێ. دەبێتە ڕەنگدانەوەی شێوازی قسەكردنت، شێوازی ژیانت، شێوازی بیركردنەوەت و شێوازی ئەنجام دانی شت. هەمووان سەر بە خێزانی ئادەم و حەواین. ئێمە نەوەی ئەوانەین كە گوێڕایەڵی فەرمانی خودا نەبوون. ئایا بە باووباپیرانمان ناچین؟ كێ لە ئێمە دەتوانێ بڵێ هەرگیز تەنانەت یەك جاریش بێت لە فەرمانەكانی خودا دەرنەچووینە؟ هەمووان تاوانبارین! ئێمە بە خەسلەتێك لەدایك بووین كەوا گوێڕایەڵی فەرمانەكانی خودا نابێت. لەكێوە خەسلەتی گوێڕایەڵی نەبوونەمان بۆ ماوەتەوە؟ لە ئادەمەوە. وەك نەخۆشیەكی پیس، گوناهی ئادەم بۆ هەموومان بڵاوبووە. ئایا بەدڵمان بێت یان نا، ئەوا بەو شێوەیە. ئەمە ئەوەیە كە ووشەی خودا ڕایدەگەێنێ كاتێ دەفەرموێ: **بەهۆی مرۆڤێک گوناە هاتە جیهان، بەهۆی گوناهیش مردن، بەم شێوەیە مردن هەموو خەڵکی گرتەوە، لەبەر ئەوەی هەموو گوناهیان کرد!** (ڕۆما ٥: ١٢) بەڵام هەموو هیوامان لەدەست نەداوە، لەبەر ئەوەی ووشەی خودا هەروەها دەفەرموێ: **کەواتە وەک چۆن بە یەک گوناە تاوانبارکردن بۆ هەموو مرۆڤ هاتە کایەوە، بە هەمان شێوە بە کارێکی ڕاستودروست بێتاوانکردن هاتە کایەوە کە ژیان بۆ هەموو مرۆڤ دەهێنێت.** (ڕۆما ٥: ١٨)

پرسیارێكی تر هەیە دەڵێ: بۆچی كتابی پیرۆز دابەشی دوو بەش كراوە بۆ پەیمانی كۆن و پەیمانی نوێ؟

بەكورتی، هەموو ئەوەی پێغەمبەران نووسیان لە پەیمانی كۆن، پێش لەدایك بوونی مەسیح نووسیان. هەموو ئەوەی لە پەیمانی نوێ هەیە لەپاش لەدایك بوونی مەسیح نووسراوە. بۆیە، پەیامی پێغەمبەرانی خودا كەوا یەكەم پەیمانیان نووسی ئەمە بوو: (خودا مەسیح دەنێرێ!) بەڵام پەیامی پەیمانی نوێ ئەمەیە: (خودا مەسیحی نارد، هەروەك بەڵێنی دابوو لەسەر زاری پێغەمبەرانی!) سوپاسی خودا دەكەین كەوا كتابی پیرۆز دوو بەشەكە — پەیمانی یەكەم و پەیمانی نوێ، لەبەر ئەوەی لەو دوو بەشە دەتوانین ببینین ئەوەی خودا بەڵێنی پێ دابوو زۆر لەوە پێش هاتە دی! خودا عیسای مەسیحی ڕزگاری دەری نارد، هەروەك بەڵێنی بە باووباپیرانمانی دا لە تەورات و زەبوورەكان و نووسراوەكانی تری پێغەمبەران.

پرسیارێكی تر: زۆر كەس دەڵێن مرۆڤ نازانی ئایا دەچێتە بەهەشتەوە یان دۆزەخ. تەنها خودا دەزانێ. بەڵام مەسیحەكان دەڵێن ئەگەر ئەمرۆ بمرێ دەچیە بەهەشتەوە. لەسەر چ بنەمایەك وا دەڵێن؟

با وەڵامی ئەم پرسیارە بە پرسیارێك بدەینەوە. ئایا خودا دەتوانێ لە ووشەی خۆی پەشیمان بێتەوە؟ ئایا خودا دڵسۆزە بەرامبەر بەڵێنەكانی؟ ووشەی خودا دەفەرموێ: **هەموو پێغەمبەران شایەتی بۆ دەدەن کە هەر کەسێک باوەڕی پێ بهێنێت، بەخشینی گوناهەکانی بە ناوی ئەو دەست دەکەوێت.** (کرداری نێردراوان ١٠: ٤٣) **ئەمانەم بۆ ئێوە نووسی کە باوەڕتان بە ناوی کوڕی خودا هەیە، تاکو بزانن ژیانی تاهەتاییتان هەیە.** (١ یۆحەنا ٥: ١٣)

لەبەر ئەوەی خودا خۆی لەووشەی فەرموویەتی كە دەتوانین بزانین ژیانی تاهەتاییمان هەیە، ئێمە كێین بڵێین كەس ناتوانی بزانێ لەكوێ ژیانی تاهەتایی بەسەر دەبەین؟ بەڵێ، دەتوانی بزانی بۆ كوێ دەڕۆیت لەپاش مردن! پرسیارەكە ئەمەیە: ئایا بەڕاستی باوەڕت بە عیسای مەسیح و قوربانییە تەواوەكەی هەیە؟ یاخود متمانەت بە (كردەوە چاكەكانتە)؟ تەنها ئەوانەی متمانەیان بە مەسیحە دەتوانن بەڕاستی بڵێن، (دەزانم كە ژیانی تاهەتاییم هەیە!) سوپاس.

پرسیاری شەشەم دەڵێ: عیسا ڕایگەیاند كەوا یارمەتیدەرەكە، (پاراكلیتۆس) لەپاش ئەو دێت. عیسا باسی كێی دەكرد؟

(پاراكليتۆس) ووشەيەكی يۆنانيە بە مانای ڕاوێژگار يان يارمەتيدەر يان پارێزەر دێت. لە ئينجيل ناوی پاراكليتۆس بەكار هاتووە بۆ عيسا (تەماشای ١ يۆحەنا ٢: ١ بكە) و بۆ ڕۆحی پيرۆزيش بەكار هاتووە. وەك لە ئينجيل خوێندمانەوە، پێش ئەوەی پەروەردگار عيسا بگەڕێتەوە ئاسمان بەڵێنی بە قوتابييەكانی دا و فەرمووی: (منيش داوا لە باوك دەكەم يارمەتيدەرێكی ديكەتان بداتێ كە تاهەتايە لەگەڵتان بمێنێتەوە، ڕۆحی ڕاستی، كەوا جيهان ناتوانێت وەريبگرێت، چونكە نايبينێت و نايناسێت. بەڵام ئێوە دەيناسن، چونكە لەگەڵتان دەمێنێتەوە و لەئێوەدا دەبێت... يارمەتيدەرەكە، ڕۆحی پيرۆز، ئەوەی باوك بەناوی من دەينێرێت، ئەو هەموو شتێكتان فێر دەكات و هەموو ئەو شتانەی پێم وتوون بيرتان دەخاتەوە... جيهان سەرزەنشت دەكات لەسەر گوناه... چونكە باوەڕم پێ ناهێنن... ئۆرشەليم بەجێ مەهێڵن، بەڵكو چاوەڕێی بەڵێنەكەی باوك بكەن كە لە منەوە بيستتان.چونكە يەحيا خەڵكی لە ئاو هەڵدەكێشا، بەڵام ئێوە پاش چەند ڕۆژێكی كەم بە ڕۆحی پيرۆز باپتيز دەكرێن.)
(يۆحەنا ١٤: ١٦، ١٧، ٢٦ و ١٦: ٨، ٩ و كرداری نێردراوان ١: ٤، ٥)

پەروەردگار عيسا فەرمووی كەوا يارمەتيدەرەكە مرۆڤ نەبوو، بەڵكو ڕۆح بوو — ڕۆحی پيرۆزی خودا كەوا كەس ناتوانێ ببينێ. عيسا بەقوتابييەكانی فەرموو كە لەپاش گەڕانەوەی بۆ ئاسمان خودا ڕۆحی پيرۆز دەنێرێ بۆ ئەوەی لەناو دڵيان بژێ. چەن بەرنامەيەك لەمەو پێش، خوێندمانەوە چۆن ئەوە وەك خۆی ڕوويدا لە ڕۆژی فيستيڤاڵی پەنجايەمين، دە ڕۆژ لەپاش ئەوەی عيسا سەركەوتە ئاسمان.

بەكورتی، يارمەتيدەرەكە ڕۆحی مەسيحە كەوا دێت و لەناو دڵی هەموو ئەو كەسانە دەژی كە ئينجيل قەبوڵ دەكەن. ئەگەر بەڕاستی باوەڕ بێنی، ڕۆحی پيرۆز دڵت پاك دەكاتەوە و نوێی دەكات، و هێمای خودات لێ دەدات وەك منداڵی خۆی و بەشێكت دەداتێ لە حزووری پيرۆزی خودا تاهەتا. نووسراوی پيرۆز ئەوە ڕادەگەێنێ كاتێ دەفەرموێ: ئێوەش كە تيایدان، كاتێ وشەی ڕاستيتان بيست، ئينجيلی ڕزگاريتان، لە ئەويشدا مۆركران كاتێ باوەڕتان هێنا بە ڕۆحی پيرۆزی بەڵێنپێدراو، ئەوەی پێشەكی دەستەبەری ميراتەكەمانە، بۆ كڕينەوەی گەلی تايبەتی خودا، بۆ ستايشكردنی شكۆيەكەی. (ئەفەسۆس ١: ١٣، ١٤)

بۆ ئێمەی باوەڕدار، ڕۆحی پيرۆز يارمەتيدەر و ڕێنمای و هێز و مامۆستا و زۆر شتی ترمانە. زۆر شتەمان بۆ دەكات كەوا ناتوانين هەمووی باس بكەين. لەلايەك يارمەتيمان دەدات لە نوێژ. جياوازيەكی گەورە هەيە لەنێوان تەنها نوێژ كردن و بەڕاستی نوێژ كردن بۆ خودا! ڕۆحی پيرۆز يارمەتيمان دەدات نوێژی ڕاستەقينە بۆ خودا بكەين. وەك نووسراوە: ڕۆحەكە لە لاوازييەكانماندا يارمەتيمان دەدات. چونكە نازانين پێويستە بۆچی نوێژ بكەين، بەڵام ڕۆحەكە خۆی بە ناڵەوە داكۆكيمان لێدەكات بە شێوەيەک كە باس ناكرێت. (ڕۆما ٨: ٢٦) هەموو ئەوانەی بەڕاستی باوەڕيان بە ئينجيلی عيسای مەسيحە، ڕۆحی پيرۆز لەناوياندا دەژی. نووسراوی پيرۆز دەفەرموێ: ئەگەر يەكێكيش ڕۆحی مەسيحی نەبێت، ئەوا هی مەسيح نييە. (ڕۆما ٨: ٩)

پرسياری دوايەمين دەپرسێ: تێگەيشترێتەوە لە فێركارييەكەمان كە دەچمە بەهەشت ئەگەر عيسای مەسيح وەك ڕزگاری دەرم قەبوڵ بكەم. ئايا ئەوە مانای ئەوەيە بەكەيف خۆم بژێم و شتی خراپە بكەم و لەگەڵ ئەوەشدا بچمە بەهەشت لەپاش مردن؟ كتابی پيرۆز چيمان فێردەكات لەو مەسەلەيە؟

نووسراوی پيرۆز وەڵامی ئەم پرسيارە بە ڕوونی دەداتەوە لە پەرتوكی ڕۆما، بەشی شەش كاتێ دەفەرموێ، ئايا لە گوناه بەردەوام بين تاكو نيعمەت زياد بێت؟نەخێر! ئێمە كە سەبارەت بە گوناه مردين، ئيتر چۆن تيای‌دا بژين؟ (ڕۆما ٦: ١، ٢) پەيامی مردنی عيسای مەسيح لەسەر خاچەكە و هەڵسانەوەی لەگۆڕ پلانی ڕاستودرووستی خودايە بۆ ئەوەی گوناهباران ڕزگار بكات نەك تەنها لەسزای گوناه بەڵكو لە هێزی گوناه! ئەگەر ئەو موژدەيە بە دڵتەوە وەربگری و بە باوەڕێكی ڕاستگۆيانە، ووشەی خودا فێرمان دەكات كەوا لەو ساتەی باوەڕ دێنی، خودا دوو ئێش دەكات لەناو تۆ:

يەكەم، خودا لە هەموو گوناهەكانت خۆش دەبێت بە ناوی مەسيح، وەك بەڵێنی دا.

دووەم، خودا دڵت نوێ دەكاتەوە بە هێزی ڕۆحی پيرۆز. پاشان دەست دەكەی بە خۆشەويستی ڕاستودرووستی و ڕق لێ بوونی خراپە،

لەبەر ئەوەی خودا خەسلەتی پیرۆزی خۆی لە ناوتدا جێگیر دەکات.  بۆیە، نووسراوی پیرۆز بەڵێن دەدا:  ئەگەر یەکێک لە مەسیحدا بێت، بەدیهێنراوێکی نوێیە، شتە کۆنەکان بەسەرچوون، ئەوەتا بوونە نوێ!  (٢ کۆرنسۆس ٥: ١٧)  ئەوەی بۆ ئێمە خۆی بەختکرد، تاکو لەهەمموو سەرپێچییەک بمانکڕێتەوە و گەلێکی تایبەت بۆ خۆی پاک بکاتەوە، دڵگەرم بۆ چاکەکاری!  (تیتۆس ٢: ١٤)

کاتێ کەسێك بەڕاستی باوەڕ دێنێ بە پەروەردگار عیسای مەسیح، چی دی بەردەوام نابێت لە کردنی خراپە، لەبەر ئەوەی خودا ڕۆحی پیرۆزی خۆی جێگیر کرد لەناو ئەو کەسە و بەروبوومی ڕۆحەکە ئەمەیە: خۆشەویستی، خۆشی، ئاشتی، ئارامگرتن، نیانی، چاکە، دڵسۆزی، دڵنەرمی و خۆڕاگرتن.  (گەلاتیە ٥: ٢٢، ٢٣)

لە وانەی داهاتوو تەماشای زیاتر دەکەین لەم پرسیارە  چۆن شوێن کەوتووی مەسیح دەبێت بژێت.  خودا بەرەکەتدارت بکات.  لەگەڵ ئەم ئایەتەی زەبوورەکانی پێغەمبەر داود بەجێتان دێڵین: ڕێگای خودا تەواوە، وتەی خوداوەند بێگەردە. ئەو قەڵغانە بۆ هەموو ئەوانەی پەنای بۆ دەبەن!  (زەبوورەکان ١٨: ٣٠)



## گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە:

١. ئایا لە یەک کانیدا سازگار و سوێر هەڵدەقوڵێت؟
٢. ئەگەر خودا پیرۆز و پڕە لە بەزەیی، باشە بۆچی ڕادەوەستێ و تەماشای دەمەقاڵێ و جەنگ و کوشتن و خراپەکاری جیهان دەکات؟
٣. ناتوانێ شتێك بكات یارمەتی ئەو خەڵكە بدات؟
٤. بەڵام مەسیحەکانی دەڵێن ئەو گوناهەی باپیرەگەورەمان ئادەم ئەنجامی دا لە باخچەی بەهەشت بۆ هەموو نەوەکانی بڵاوبووەوە، و خودا دەبێت سزایان بدات. ئەم شتە چۆن دەبێت؟
٥. ئایا بە باووباپیرانمان ناچین؟
٦. کێ لە ئێمە دەتوانێ بڵێ هەرگیز تەنانەت یەك جاریش بێت لە فەرمانەکانی خودا دەرنەچووینە؟
٧. لەکێوە خەسلەتی گوێڕایەڵی نەبوونەمان بۆ ماوەتەوە؟
٨. بۆچی کتابی پیرۆز دابەشی دوو بەش کراوە بۆ پەیمانی کۆن و پەیمانی نوێ؟
٩. ئایا خودا دەتوانێ لە ووشەی خۆی پەشیمان بێتەوە؟ ئایا خودا دڵسۆزە بەرامبەر بەڵێنەکانی؟
١٠. لەبەر ئەوەی خودا خۆی لەووشەی فەرموویەتی کە دەتوانین بزانین ژیانی تاهەتاییمان هەیە، ئێمە کێین بڵێین کەس ناتوانی بزانێ لەکوێ ژیانی تاهەتایی بەسەر دەبەین؟
١١. ئایا بەڕاستی باوەڕت بە عیسای مەسیح و قوربانییە تەواوەکەی هەیە؟ یاخود متمانەت بە (کردەوە چاکەکانتە)؟
١٢. عیسا ڕایگەیاند کەوا یارمەتیدەرەکە، (پاراکلیتۆس) لەپاش ئەو دێت. عیسا باسی کێی دەکرد؟
١٣. ئایا ئەوە مانای ئەوەیە بەکەیف خۆم بژیم و شتی خراپە بکەم و لەگەڵ ئەوەشدا بچمە بەهەشت لەپاش مردن؟ کتابی پیرۆز چیمان فێردەکات لەو مەسەلەیە؟

**ڕێگای ڕاست و دروستی:**

**وەرزی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز**

(٢٠١٦)

Old Testament, Sorani (Draft), International Bible Society, 2005, 2009, 2011; Psalms, Biblica, 2013
Kurdish New Testament, International Bible Society, 1998; Biblica, 2011
ئەم خوێندنەوە لە {***The Way of Righteousness*** by Paul Bramson, 1998} بەخەش کراوەتە.

**بەرهەم هێنەر: کۆمەڵەی ڕێگای ڕاستودروستی**
rrd2011@yahoo.com www.rrdk.org